# زینده به چاڵ کردنی ژنان له کوردستاندا
# پێویستی به کاردانه‌وه‌یه‌کی خێراو کارساز هه‌یه

له درێژه‌ی ئه‌و تراژیدیایه‌ی كه له كوردستاندا بۆ ژنان پێكهێنراوه، رۆژی ....سه‌پته‌مبه‌ر له گوند "ته‌نوره"ی ده‌وربه‌ری شاری هه‌ولێر ژنێك به ناوی صنیعه له‌لایه‌ن مێرده‌كه‌یه‌وه دوای ئه‌وه‌ی برینداركراوه، به زیندویتی ده‌خریته ژێر گڵه‌وه، ئه‌وانه‌ی به‌ریكه‌وت چاویان له رووداوه‌كه بووه ده‌ڵێن تا ئاخرین ساته‌كانی نقوم بوونی صنیعه له نێو گڵدا، دادو بێداو ناڵه‌ی كردوه. وه‌صفی وه‌حشیگه‌ری‌و درنده‌یی  بۆ ئه‌م رووداوه هیچ نیه، له نیو جه‌نگه‌ڵیشدا هیچ حه‌یوانێكی وه‌حشی‌و درنده نیه كه هاو ره‌گه‌زی خۆی، یان گیاندارێكی دیكه به‌م ده‌رده‌به‌ریت.

ئه‌مه به‌ڵگه‌یه‌كی تره نیشانی ده‌دات كه چۆن بیرو نه‌ریتی چه‌په‌ڵی ناموسپه‌رستی ئینسان ده‌كات به جانه‌وه‌ر بۆ گیان هاوره‌گه‌زو هاوسه‌رو دایكی منداڵه‌كانی خۆی. نیشانی ده‌دات كه ناموس‌و ناموسپه‌رستی بیرو نه‌ریتێكی ئه‌وه‌نده پیس وچه‌په‌ڵ ودارزیوه كه هه‌ست وشعوری ئینسان ده‌گۆرێ به هه‌ست وشعوری درنده. نیشانیده‌دات كه ناموسپه‌رستی شه‌رمه‌زاریه بۆ ئینسان وده‌بێ له گۆر بنریت. ئه‌وه‌ی ده‌ستی ده‌چیته زینده به‌چاڵ كردنی هاوره‌گه‌زیكی خۆی كه ته‌مه‌نێك ژیانی هاوبه‌شی له‌گه‌ڵدا به‌سه‌ر بردوه ودایكی سێ منداڵیتی، كه‌سێك كه ئاهو ناڵه‌ی هاوسه‌ر ودایكی منداڵه‌كانی له ژێر خاكه‌وه، زه‌ره‌یه‌ك هه‌ست‌و ویژدانی ناجولێنێ، ئینسانێكه كه نه‌ریته داڕزیوه‌كان هیچ ماهیه‌تێكی ئینسانی‌یان بۆ نه‌هێشتۆته‌وه. به‌لام مه‌سه‌له‌ی بنه‌ره‌تی تر ئه‌و پرسیاره‌یه، كه بۆچی ده‌بیت له كۆمه‌ڵگایه‌كی متمدنی وه‌كو كوردستاندا بوار هه‌بیت ئه‌م جروجانه‌وه‌ره درندانه یاری به چاره‌نوسی ئینسان بكه‌ن؟! بۆچی هه‌ر جه‌لادیك ده‌توانی چه‌قۆ له ملی ژنان بسویت؟! بۆچی ئه‌م كۆمه‌ڵگایه بوه به قه‌تلگای ژنان؟! بۆچی ئاماری قوربانیه‌كانی ناموسپه‌رستی‌و نمونه‌كانی درنده‌یی درجه‌ق به ژنان رۆژانه زیاترو جه‌رگبرتر ده‌بن؟ كوا بریاری قه‌ده‌غه كردنی ژن كوژی‌و "غسل العار"؟! كوا "وه‌كو یه‌كی مافی ژن‌و پیاو؟! كوا ئه‌و به‌ڵێنانه‌ی كه بارزانی‌و تاڵه‌بانی به‌سه‌ر ژنانی كوردستاندا ته‌خشان‌و په‌خشانیان كردوه؟!

بارزانی‌و تاڵه‌بانی ده‌بێ له به‌رامبه‌ر خه‌ڵكی كوردستان وه‌ڵامی ئه‌مانه‌و ده‌یان پرسیاری تری له‌م بابه‌ته بده‌نه‌وه، ئه‌وان‌و سه‌رانی دیكه‌ی بزووتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی‌و دوو حیزبی حاكم كه هه‌ركات زۆریان بۆبهێنریت باس له ماف‌و ئازادی ژنان‌و "وه‌كویه‌كی"یان ده‌كه‌ن له‌گه‌ل پیاواندا، هه‌ركات پێویست بكات خۆیان‌و ده‌سه‌لاته‌كانیان به متمدن‌و ته‌نانه‌ت سكولار پێناسه ده‌كه‌ن، ئه‌گه‌ر زه‌ره‌یه‌ك له‌م باره‌یه‌وه بایه‌خ بۆ خۆیان قایل بن‌و شعور له خۆیان نیشانبده‌ن، ده‌بی له ئاست ئه‌م وه‌حشیگه‌ریه‌ی كه له سایه‌ی ده‌سه‌لاتی ئه‌وان‌و له مه‌مله‌كه‌تی حوكمرانی ئه‌واندا به‌ریوه ده‌چیت، ئاره‌قی شه‌رمه‌زاری ده‌رده‌ن. ئه‌گه‌ر نیچیرڤان بارزانی دوو سال له‌مه‌وبه‌ر ووتی من له به‌رامبه‌ر په‌رله‌مانتارانی ده‌وله‌تانی ئه‌وروپایدا شه‌رمه‌زاربوم كه باسی دیارده‌ی ژن كوشتنیان له كوردستان كردوه، به‌لام به‌رده‌وامی تراژیدیای ژنان‌و تاوانیكی دلته‌زینی به‌م جۆره هه‌موو خه‌ڵكی كوردستان ده‌گه‌یه‌نێ به‌و راستیه‌ی كه خۆ شه‌رمه‌زار كردن‌و پروپاگه‌نده‌و فروفیشاڵی سه‌رانی بزوتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی، جگه له فریوكاری بۆ دامركاندنه‌وه‌ی توره‌یی خه‌ڵكی متمدن‌و ئازادیخواز هیچی دیكه نیه. ئه‌م حیزبانه‌و ده‌سه‌لاتی میلیشیایی‌و عه‌شه‌یره‌تیان له ئاست كۆمه‌ڵگای متمدنی كوردستاندا نیه‌و ده‌بێ جیگای خۆی بدات به ده‌سه‌لاتیكی سكولارو مودێرن‌و ئینسانی كه كۆمه‌ڵگا له‌م دیارده چه‌په‌ڵ‌و جه‌رگبرانه دوربخاته‌وه‌و ژیان‌و هه‌ڵومه‌رجیكی شایسته به ئیسنان فه‌راهه‌م بكات.

زینده بەچاڵ کردنی صنیعەو سەربڕینو کوشتاری هەزاران ژن لە ماوەی 12 ساڵی ڕابردوی ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بەڵگەی زەقو ئاشکرای ئەو ڕاستییەیە کە ناموسپەرستیو پیاو ساڵاریو کۆنەپەرستی لە سایەی حوکمی ئەواندا زەمینەی زیاتری بۆ ڕەخساوەو پەرەیپیدراوە، بەڵگەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردایەتی هاوشانە لەگەڵ کۆنەپەرستیو عەشایەریو گەندەڵی ئیسلامیو ناموسپەرستدا، هاوشانە لەگەڵ کویلایەتیو بێ مافیو زەجرکیشیو کوشتاری ناموسپەرستانەی ژناندا، هەر بەم پیشە بە توندی ناکۆکە لەگەڵ ئینسانیەتو ئازادیو سکولاریزمو ئاواتو ئارەزوە پیشکەتوانەکانی بەشەریەتی هاوچەرخدا. لەم 12 ساڵەدا دەسەڵاتی کوردایەتی یاسا چەپەڵەکانی بەعسی پاراست، عەشیرەتگەری دەمەزەرد کردەوە، داهاتی وولاتی بۆ پەرەدان بە کۆنەپەرستی ئیسلامیو بەرزکردنەوەی منارەی مزگەوتو پرچەك کردنی تیرۆریزمی ئیسلامی خەرج کرد، سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی شانازیان بە بنیاتنانی ئەو مزگەوتو حوسینیانەوە کرد کە کرانە مینبەری پەخشاندنەوەی ئەم بەربەریەتو کۆنەپەرستیو دواکەوتوییە لە دژی ژنانو ئینسانیەتو ئازادیو تەمەدن.

بەراستی لە بەرامبەر تاوانی جەرگ بری زینده بەچاڵ کردنی صنیعە لە سایەی دەسەڵاتەکەی بارزانیدا دەبێ ئەم دنیایە بهینریتە جۆش، دەبی جەماوەری خەڵکی ئازادیخواز لە بەرامبەر ئەم تاوانەدا ڕاچڵەکێن، دەبێ قەڵەمەکانو مینبەرەکانو گەروەکان بینە دەنگو نفرەت لەم تاوانە چەپەڵو سامناکەو بێ دەربەستی دەسەڵاتداران بکەن، دەبی ویژدانی خەڵکی متمدنی دنیا بە ئاگا بهینریت، نە تەنیا دەبێ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە درندانەیە لە دادگای ئاشکرادا بە پیش چاوی خەڵکەوە داداگایی بکرینو سزای توند بدرین، بەڵکو ئیتر نابێ ژنانو خەڵکی کوردستان یەك زەرە لە پیچانەوەو قەدەغەکردنی هەرچی ڕەسمو یاساو نەریتی ناموسپەرستیو ئیسلامیو عەشایەریو کۆنەپەرستی هەیە بینە خوارەوە.

من ژنانو خەڵکی متمدنو ئازادیخواز بانگەواز دەکەم کە هاوشان لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بینە مەیدان لە پیناو: –هەڵوەشانەوەی دەستبەجێی یاسا دارزیوەکانی ئەحوال شخصیو هەموو یاسایەکی سەرچاوە گرتوو لە دینەوە، –جیاکردنەوەی دین لە دەولەتو پەروەردەو فیرکردن، –یەکسانی هەمەلایەنەی مافی ژنانو پیاوان، –قەدەغەکردنی هەر جۆرە دەست وەردانیکی دین لە ژیانی کۆمەلایەتیو کاری تایبەتی هاولاتیان، –برینی هەر جۆرە بودجەیەکی دەولەتی لە دامەزراوەو مەلبەندە دینیەکان کە پیشەیان پەحشانەوەی خورافەو ناموسپەرستیو تاوانکاریە، –قەدەغەکردنی هەر جۆرە توندوتیژیو هاندانیك لە دژی ژنان.

**ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق**/ 2004/10/9